

# کچی کەوتوو

**دینۆ بوزاتی**
**لە ئینگلیزییەوە: ژوان شوانی**
**(ئەمریکا)**

مارتا نۆزدە ساڵ بوو، لە سەربانی باڵەخانە بەرزەکەوە تەماشای کرد، شاری بینی لە خوارەوە لەناو زەردەپەڕدا دەبریسکایەوە، سەرەگێژەی هاتێ.

باڵەخانەکە زیوین بوو، بڵند و پایەدار دەردەکەوت، لەو ئێوارە ئێجگار جوان و پاکیزەییەدا، با لێرە و لەوێ دەزوولە هەوری بە ئاسماندا کە شینێکی عەجایەب بوو، دەهێنا. ڕاستییەکەی سەرووەختی ئەو دەمە بوو کە شار بە ئیلهام تەنراو و هەرکەسێک کە نابینا نەبووایە عاشقی دەبوو، لەو بەرزاییەی بەر باوە کچەکە شەقام و کۆمەڵە باڵەخانەکانی بینی کە لەبەر تیشکی درێژی خۆرەتاودا پێکدا چووبوون، لەوێشدا کە سپێتیی خانووەکان تەواو دەبوو، شینیی زەریا دەستی پێ دەکرد، لەو بەرزییەوە، زەریا وا وەپێش چاو دەهات کە ئەویش خۆ بەرز دەکاتەوە، تارای شەویش لە خۆرئاواوە خۆی بەسەر شاردا پەخشان دەکرد و شار وەک بنی دەریایەکی پڕ لە درەوشەی ڕووناکی وەپێش چاو دەهات. تێیدا پیاوانی لێهاتوو هەبوون و ژنانی لەوانیش لێهاتووتر، چاکەتی فەروو و ڤیۆلین، ئۆتۆمبێلی بریقەداری ڕەش وەک بەردی شەوە، نووسراوە نیۆنییەکانی کلەبی شەوان، هۆڵی دەروازەی کۆشکە تاریککراوەکان، نافوورە، ئەڵماس، باخچەی کۆن و بێدەنگ، ئاهەنگ، حەز، خۆشەویستیی ژێربەژێر و لەسەروو هەمووشیانەوە، ئەو جادووەی کە ئێواران لێت دەکات و سەرت پڕ دەکات لە خەونی بە شت بوون و شکۆدار بوون.

لەگەڵ بینینی ئەمانەدا، مارتا بێهوودانە خۆی بەسەر شیشبەندی باڵکۆنەکەدا شۆڕکردەوە و دەستی لە خۆی بەردا. هەستی دەکرد لە هەوادا ماوەتەوە، لەهەمان کاتیشدا دەکەوت. لەبەر بڵندایی باڵەخانەکە، شەقام و گۆڕەپانەکانی خوارەوە زۆر دوور دەردەکەوتن! کێ دەیزانی چەندی پێدەچوو تا دەگەییە ئەوێ، بەڵام کچەکە دەکەوت.

لەو کاتەدا تەلان و بالکۆنی نهۆمە بەرزەکان پڕ بوون لە خەڵکانی دەوڵەمەند و شیکپۆش، کۆکتێلیان بە دەستەوە و

قسەی پڕوپووچیان دەکرد، تۆپەڵ تۆپەڵ بڵاو بووبوونەوە و قسەکانیان مۆسیقاکەی خەفە دەکرد، مارتا بەلایاندا تێپەڕی و چەند کەسێکیش ئەویان بینی.

فڕینی لەو جۆرە (ڕاستییەکەی زیاتر فڕینی کچان) شتێکی دەگمەن نەبوو لە باڵەخانەکەدا و بۆ دانیشتوانی باڵەخانەکەیش بەزمێکی خۆش بوو؛ هەر لەبەر ئەمەش بوو نرخی ئەو ئەپارتمانانە هێندە گران بوون.

خۆر هێشتا بە تەواوەتی ئاوا نەبوبوو و تا ڕادەیەکی باش جلکە سادەکانی مارتای ڕووناک دەکردەوە. ئەو عەزیییەکی سادە و هەرزانی بەهارەی لەبەردابوو کە لە ڕیزی جلکە هەڵواسراوەکان کڕیبووی، کەچی تیشکە لیریکی زەردەپەڕ نەختێک ڕەونەقی دابوویە، جۆرێک شیکی کردبوو، لە باڵکۆنی ملیۆنێرەکانەوە دەست و قۆڵی ڕێکپۆشانەیان بۆ ڕایەڵ دەکرد و گوڵ و کۆکتێلیان پێشکەش دەکرد، "خاتوون، حەز بە خواردنەوەیەک دەکەیت؟ پەپوولەی نازدار، بۆ نەختێک لای ئێمە بەنگ نابیت؟"

مارتا پێکەنی، لە هەوادا وەستا و دڵخۆش (بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەکەوت): "نا، زۆر سپاس، هاوڕێیان، من پەلەمە."

لێیان پرسی "بۆ کوێ دەچیت؟"

مارتا دەستی بە ئاماژەی خوداحافیزییەکی هاوڕێیانە بادا و وتی، "ئاه، لێم مەپرسن."

کوڕێکی گەنج، کەڵەگەت، ئەسمەر و زۆر قۆز، باڵی بۆ درێژ کرد تا بیگرێتەوە. مارتا حەزی لێی بوو، بەڵام مارتا هەر زوو کەوتە بەرگریکردن لە خۆی: "حەدت چییە، جەناب؟" بایی ئەوەش کاتی هەبوو کە سووکە پیاکێشانێک بدا لە لووتی کوڕەکە.

ئێستا بووبووە جێی بایەخی خەڵکە جوانەکان و مارتاش لەزەتی لەوە دەکرد. هەستی دەکرد ڕێکپۆش و مایەی سەرنجە. لە نێو تەلانە پڕ لە گوڵەکاندا، لە نێو هەرای بۆیە جلک سپییەکاندا و هۆریای گۆرانییە بیانییەکاندا، بۆ چەند دەققەیەک، ڕەنگبێ کەمتریش، باسی کچە گەنجەکە کرا کە بەلایاندا تێدەپڕی (بێ گومان تێپەڕینی ستوونی، لە سەرەوە بۆ خوارەوە). هەندێک پێیان جوان بوو، هەندێکیش مامناوەند، جێی سەرنجی هەمووان بوو.

پێیان وت: "هێشتا هەموو ژیانت لەبەردەمدایە، بۆ هێندەت پەلەیە؟ هێشتا کاتی ئەوەت هەیە خۆت سەرقاڵی ڕاکە ڕاکە بکەیت، نەختێک لای ئێمە لادە، تەنیا ئاهەنگێکی سادەی هاوڕێیانە، بڕوا بکە، کاتێکی خۆش بەسەردەبەیت."

مارتا هەوڵی دا وەڵام بداتەوە، بەڵام هێزی ڕاکێشانی زەوی تازە بەرەو نهۆمی خوارتر بردبووی، ئەوجا دووان و سێیان و چوار نهۆم خوارتریش؛ ڕاستییەکەی ڕێک وەک ئەوەی کە دڵخۆشانە پەلەپەل دێیت و دەچیت کاتێک کە تەمەنت تەنیا نۆزدەساڵە.

بێ گومان، ئەو مەودایەی کە لە خوارەوە، واتە لە تەختی شەقامەکەی ڤیا کردبووەوە، زۆر بوو. ڕاستە هێندە نابێت کەوتە خوارەوە، بەڵام شەقامەکە هەمیشە دوور دەینواند.

لە هەمان کاتیشدا، خۆر بەودیوی زەریادا ڕۆچووبوو، دەتبینی کە دیار نامێنێت، دەبووە قارچکێکی سووری درەوشاوە، چیتر، تیشکە گەشەکانی عەزیییەی کچەکەیان نەدەدرەوشانەوە و کچەکە وەک ئەستێرەیەکی کشاوی گومڕاکەر دەرنەدەکەوت.

باش بوو نزیکەی تەواوی پەنجەرە و ئەپارتمانی باڵەخانەکە داگیرسابوون و کچەکەیان لە کاتی تێپەڕینیدا، ڕووناک دەکردەوە.

ئێستا مارتا چیتر تەنیا خەڵکانی بێباکی لە ئەپارتمانەکاندا نەدەبینی؛ هەندێ جار بە لای بزنسەکاندا تێدەپەڕی و ئیشکەرەکانی دەبینی بە بەرکۆشەی شین و سپییەوە لەسەر مێز و بە ڕیزی درێژ دانیشتبوون، هەندێکیان گەنج بوون، هاوتەمەنی خۆی، یان گەورەتر لە خۆی، ماندووی ڕۆژ، جارناجارێک چاوێکیان لەسەر کار و ئامێری چاپەکانیان هەڵدەبڕی.

ئەمانیش بەم جۆرە بینیان و هەندێکیان بەرەو پەنجەرەکە ڕایان کرد. هاواریان کرد، "بۆ کوێ دەڕۆی؟ بۆ هێندە خێرا؟ تۆ کێیت؟" شتێکی وەک ئیرەیی لە دەنگیاندا پەی پێ دەبرا.

وتی، "ئەوان لە خوارەوە چاوەڕێم دەکەن، ناتوانم بوەستم، بمبوورن." دووبارە پێکەنییەوە و بەردەوام بوو لە بەسەرداکەوتنەکەی، بەڵام چیتر لە پێکەنینەکەی پێشووی نەدەچوو. شەویش لێزانانە داهاتبوو، مارتا هەستی بە سەرما کرد.

مارتا سەیری خوارەوەی کرد و خەرمانەی ڕووناکییەکی

بینی لە دەروازەی باڵەخانەکەدا. لێرەدا ئۆتۆمبێلی ڕەش و درێژ دەوەستان (لە دوورەوەڕا لە مێروولە دەچوون)، ژنان و پیاوان لێیان دەهاتنە دەرەوە و تامەزرۆی چوونە ناو باڵەخانەکە بوون. مارتا توانی لەو قەرەباڵغییەدا بریسکەی خشڵەکانیان ببینێت. لەسەروو دەروازەکەوە ئاڵا دەشەکێنەوە.

ئاشکرا بوو کە ئاهەنگێکی گەورە ساز کرا بوو، لەو جۆرە ئاهەنگانەی کە مارتا لە منداڵییەوە خەونی پێوە بینیبوو. خودا سەبووری بدا ئەگەر بێتو بۆی نەکرێ بچێت. ئاخر لەوێ دەرفەت چاوەڕوانی بوو، قەدەر، ڕۆمانس، بەرپابوونی ڕاستەقینەی ژیانی ئەو. ئاخۆ بلێی لە کاتی خۆیدا بگات؟

مارتا بە قینەوە تەماشای کرد کچێک بە دووریی سی مەترێک لە سەروو ئەوەوە دەکەوێتە خوارەوە. ئەو لە مارتا جوانتر و عەزیبەکی شیکتری ئێوارانی لەبەردا بوو. بە هەر هۆیەک بێت ئەو لە مارتا خێراتر دەکەوتە خوارەوە، بە جۆرێک کە لە چەند چرکەیەکدا مارتای تێپەڕاند، هەرچەندە مارتا بانگی کرد، بەڵام دیار نەما. بێ گومان ئەو پێش مارتا دەگەییە ئاهەنگەکە؛ ڕەنگبێ پیلانێکی وەهای دانابێ کە جێ بە مارتا لێژ بکا، پاشان مارتا بۆی دەرکەوت کە بەتەنیا نین. زۆر کچی گەنجی تر بە ئەم لا و ئەولای باڵەخانەکەدا دەکەوتنە خوارێ، ڕوخساریان ئاوێزان بە خۆشیی فڕین، ئاسوودانە دەستیان با دەدا، وەک ئەوەی بڵێن تەماشامان بکەن، ئەمەتاین، خەنیمان بکەن، مەگەر هەموو دنیا هی ئێمە نییە؟

کەواتە، پێشبڕکێ بوو. ئەمیش تەنیا عەزیبەکی شرۆڵەی لەبەردا بوو، ئەوانیش وەک مۆدێل ڕێکپۆش بوون، تەنانەت هەندێکیشیان فەرووی مینکیان بەسەر شان و ملی ڕووتیاندا دابوو. ئەو کاتەی خۆی هەڵدا زۆر بڕوای بە خۆی بوو، بەڵام ئێستا لە ناخیدا هەستی بە لەرزێک کرد؛ ڕەنگبێ تەنیا سەرماکە بێ، بەڵام ڕەنگە ترسیش بێ، ترس لە کردنی هەڵەیەکی بێ چارەسەر.

پێدەچوو ئێستا دەرنگانی شەو بێ. یەک لە دوای یەک پەنجەرەکان تاریک دادەهاتن، زایەڵەی مۆسیقا کەمتر دەبووەوە، ئۆفیسەکان خاڵی بوون و کوڕانی گەنج چیتر دەستیان بۆ ڕایەڵ نەدەکرد، ئاخۆ سەعات چەند بێ؟ لە دەروازەی باڵەخانەکە - کە ئێستا گەورەتر دەینواند و دەتوانرا وردەکاریی تەلارسازییەکەی ببینرێ - گڵۆپەکان هێشتا داگیرسابوون، بەڵام فڕکوهوڕی ئۆتۆمبێل کەمی کردبوو. جار نا جارێک، کۆمەڵێک خەڵکی ماندوو لە دەرگای سەرەکییەوە دەهاتنە دەرەوە و شەکەتانە دوور دەکەوتنەوە، پاشان گڵۆپی دەروازەکەیش کوژایەوە.

مارتا هەستی کرد دڵی توندە، بەداخەوە نەیدەتوانی لە کاتی خۆیدا ئامادەی ئاهەنگەکە بێ! نیگای سەرەوەی کرد و لووتکەی باڵەخانەکەی تەواو دڵڕەق و بەهێز هاتە پێش چاو. خەریک بوو تەواو تاریک دادەهات. لە نهۆمەکانی سەرەوە، تاکوتەرا پەنجەرەی ڕووناک هەبوون. لە سەری سەریشەوە یەکەمین تروسکەی کازیوە دەبریقایەوە.

لە گۆشەی چێشتخانەکەیاندا لە نهۆمی بیست و هەشتەم، پیاوێکی تەمەن نزیکەی چل ساڵ قاوەی بەیانیانی دەخواردەوە و ڕۆژنامەی دەخوێندەوە و ژنەکەی ژوورەکەی کۆدەکردەوە. کاتژمێرێک لە تەنیشتییەوە سەعات ٨:٥٤ی دەخوێندەوە. سێبەرێک کتوپڕ بە لای پەنجەرەکەدا تێپەڕی.

ژنەکە هاواری کرد، "ئەلبێرتۆ! بینیت؟ ژنێک بەوێدا تێپەڕی."

بێ ئەوەی چاوی لە ڕۆژنامەکەی هەڵبڕێ، وتی، "کێ بوو؟"

ژنەکە وتی، "ژنێکی بەتەمەن، ژنێکی پەککەوتەی بەتەمەن. زەندەقی چووبوو."

پیاوەکە وتی، "هەمیشە ئاوهایە، لەم نهۆمە نزمانەوە تەنیا ژنانی بەتەمەن تێدەپەڕن. لە سەروو نهۆمی سەدەمینەوە کچانی جحێڵ تێدەپەڕن. بە خۆڕایی نییە ئەو ئەپارتمانانە هێند گرانن."

ژنەکە وتی، "لانیکەم لێرە ئەوەی باشە گوێت لە زرمەی کەوتنیانە بە زەویدا."

چەند دەقیقەیەک دوای چاوەڕوانی بیستنی دەنگەکە، پیاوەکە سەری بادا و وتی، "ئەم جارە دەنگیشی نەهات،" پاشان فڕێکی لە قاوەکەی دا.

**سەرچاوە:**

**https://kinnareads.com/2012/01/09/the-falling-girl-by-dino-buzzatti/**